نابێت ئافرەت ماتەمینی ڕابگەیەنێت زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بەهۆی (مردنی) مێردەکەی نەبێت: چوار مانگ ودە ڕۆژ

لە ئوم عەتیە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت ئافرەت ماتەمینی ڕابگەیەنێت زیاتر لە سێ ڕۆژ، مەگەر بەهۆی (مردنی) مێردەکەی نەبێت: چوار مانگ ودە ڕۆژ، (لە کاتی ماتەمینیدا) نابێت جلی بۆیەکراو لەبەر بکات؛ مەگەر جلی عەسب^ نەبێت، ونابێت بۆن لەخۆی بدات مەگەر پاش پاکبوونەوە نەبێت (لە سووڕی مانگانە)، دەتوانێت (پاش پاکبوونەوە) کەمێک لە قست وئەزفار^^ لەخۆی بدات». ^(عەسب: جۆرە جلێکی یەمەنیە کە نابێـتە هۆی سەرنجڕاکێشان)، ^^(قست وئەزفار: جۆرێکن لە بخور)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی ئافرەت ماتەمینی ڕابگەیەنێت زیاتر لە سێ ڕۆژ لەسەر مردووی بە وازهێنان لە بۆن وکل وخشڵ وزێڕ وجلی جوان ئینجا مردووەکە باوکی یان برای یان کوڕی یان جگە لە ئەمانە بێت، مەگەر بەهۆی مردنی مێردەکەی نەبێت: چوار مانگ ودە ڕۆژ، لە کاتی ماتەمینی مێردەکەیدا نابێت جلی بۆیەکراو بۆ ڕازاندنەوە لەبەر بکات جگە لە جلی عەسب نەبێت، عەسب جۆرە جلێکی یەمەنیە کە نابێـتە هۆی سەرنجڕاکێشان وبۆیە دەکرێت پێش چنینی، ونابێت کل لە چاوی بدات بۆ خۆ ڕازاندنەوە، ونابێت بۆن لەخۆی بدات مەگەر پاش پاکبوونەوە نەبێت لە سووڕی مانگانە، دەتوانێت پاش پاکبوونەوە کەمێک لە قست وئەزفار لەخۆی بدات؛ کە ئەمانە جۆرێکن لە بخور ومەبەستەکانی بۆنیان تێدا نیە، وڕێگەپێدراوە بۆ ئەو ئافرەتەی کە پاك دەبێتەوە لە سووڕی مانگانە بەکاربهێنێت بۆ لابردنی بۆنی ناخۆش، لە شوێنی خوێنەکە دەدرێت لە دەوروبەری ئەندامێنی زاوزێ، بۆ بۆن خۆشکردن بەکارنایەت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6086